Sherko Mahmood

إذا نودي للصلاة من يوم الجمعة
ئەو سێ ئایەتەی سورەتی جومعە کە زۆرترین هەڵلا زەنای بۆ کراوە لە مێژووی ئیسلامدا.لە رۆژی هەینی وتارێك هاتۆتە ناو دین گوایە پێغەمبەری پێشەوا-ص-لە هەموو رۆژانی هەینی و بە تایبەت لە نیوەڕۆیان نوێژە چوار رکعاتیەکەی کردۆتە دوو رکعەت و لەجیاتی دوو رکعەتە فەڕزەکە وتارێکی بۆ خەڵکی داوە.بەڵام ئێمە هیچ وتارێکی تەواومان لەو پێشەوا مەزنە بۆ بەجێ نەماوە،لەکاتێکدا ئەگەر تەنها 10ساڵی مەدینە حیساب بکەین ئەوا دەبێ 480 وتاری پێغەمبەرمان بۆ بەجێمابێت!!کوان ئەو خوطبانە؟؟؟پاساو و پینەی زۆر هەن،یان پچڕپچڕ، لەولا و لەملا ،وتەیەك هەیە، دەڵێن ئەوەی لە فلان شوێن و فڵان جار فەرمووە.ئەرێ نوسینەوەی ئەو خوطبانە گرنگتر بوون یان ئەو هەموو حەدیسی(صحیح و حسن و موضوع و مرفوع و...و....)؟؟!!ئاخر ناشێ کەسانێکی تایبەتمەند بۆ نوسینەوەی ئەو رووداوە گرنگەی جومعان تەرخان نەکرابن ئەگەر بەراستی ئەو خوطبەیە هەبووە!!لەکاتێکدا کەسانێك هەبووبن ئاگاداری ناوماڵ و ،جیماعی شەوانەی پێغەمبەری مەزن بووبن،،،،یان هەمیشە چاویان لەسەر پێغەمبەر بووبێ، هەتا لەکاتی(سەردەستاو)یش تەماشایان کردبێتا بزانن لەوکاتەدا رووی لە کامە لا کردووە.ئێمە ئەوانە هەمووی بۆ ئێوەی خوشك و برا جێدێڵین و دەچینە خزمەت ئەو سێ ئایەتە پیرۆزە و بزانین ئایا لەوێ خوطبە هەیە؟؟؟!
(يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا نُودِيَ لِلصَّلَاةِ مِنْ يَوْمِ الْجُمُعَةِ فَاسْعَوْا إِلَى ذِكْرِ اللَّهِ وَذَرُوا الْبَيْعَ ذَلِكُمْ خَيْرٌ لَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ تَعْلَمُونَ )الجمعة .9واتا ئەی ئەوانەی باوەڕتان هێناوە،ئەگەر بانگ راهێشترا بۆ نوێژ لە رۆژی جومعە،بەرەو یادی خودا بچن و وازبێنن لە کڕین و فرۆشتن ئەوەیان بۆ ئێوە باشترە ئەگەر دەیزانن.
-اذا- ظرف للزمان المستقبل يفيد معنى الشرط. واتا بۆ زەمەنی داهاتوو بەکاردێت و سوودی مانای مەرج دەبەخشێ ، کەوابێ هاتنی ئەو پەیوەست دەبێت بە مەرجێکەوە .
ئەگەر بانگ راهێشترا بۆ نوێژ لە رۆژی جومعە
ئەی ئەگەر بانگ رانەهێشترا؟؟!!
بۆ کامە نوێژ لە رۆژی جومعە ؟؟ !!
کامە کڕین و فرۆشتن واز لێبهێنم؟؟!!( وذروا البيع ذلكم خير لكم)
خودا بە صیغەی ـ جمع ـ دەفەرمووێ واز لە کڕین و فرۆشتن بێنن.ئێمە هەموومان کۆکین لەسەر ئەوەی قورئان دەستوورە و بۆ هەموو زەمانێکیشە،لێرە تووشی هەڵوێستەیەك دەبین ،ئەویش: دیارە ئەوکات لەو ڕۆژەدا کە جومعەیە رۆژی کڕین و فرۆشتن بووە بۆیە بە جەمع خودا دەفەرمووێ واز لە کڕین و فرۆشتن بهێنن،باشە ئەی بۆ ئێستا ئەو رۆژە هەرگیز رۆژی کڕین و فرۆشتن نیە؟؟ئەی ناڵێین قورئان بۆ هەموو کات و زەمانێکە؟؟!!بەڵێ بە تەئکید قورئان وایە بەڵام تێڕامانمان بۆ ئەو چەند ئایەتانەی جومعە دەبێ هەڵە بێت
(فَإِذَا قُضِيَتِ الصَّلَاةُ فَانْتَشِرُوا فِي الْأَرْضِ وَابْتَغُوا مِنْ فَضْلِ اللَّهِ وَاذْكُرُوا اللَّهَ كَثِيرًا لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ)الجمعە 10.واتا کە نوێژەکە تەواو بوو، بە زەویدا پەرت بن و، بەدوای رزق و فەزڵی خودا بگەڕێن و، زۆریش یادی خودا بکەن بەڵکو سەرکەوتوو بن .
ئەوەی لەو ئایەتەش تەدەببور دەکرێت ئەوەیە-:
-هەر کە نوێژەکە تەواو بوو پەرت بن،هەگیز شتێك لە ئارادا نیە بە ناوی خوطبە
-دوای نوێژەکە بە دوای رزق و رۆزیدا بگەڕێن،واتا کار کردن لەو رۆژە ئاساییە
-دوای نوێژەکە و گەڕان بە دوای رۆزیدا هەر لە زیکری خودا بن
-تۆ بڵێی لەو رۆژەدا نوێژ چ وابەستەیەکی هەبێت لەگەڵ کەسابەت؟؟؟؟!!!!
ئەوەی ئاشکرایە خودا دەفەرمووێ (ئەگەر بانگ کرا بۆ نوێژ لە رۆژی جومعە)،نەیفەرمووە (ئەگەر بانگ کرا بۆ نوێژی جومعە)، دیاریشی نەکردووە کامە نوێژ و هەرگیزاو هەرگیزیش باس و خواسی خوطبە و وتاردان لە ئارادا نیە .بەڵکو نوێژێکە بەستراوەتەوە بە رۆژانی جومعە.
کەوابێ دەشێ نوێژەکە بەیانی یان نیوەڕۆ یان عەسر یان مەغریب یان عیشا بێت،چونکە ئەو نوێژانە هەمووی لەو رۆژە و رۆژەکانی تریش ئەنجام دەدرێن.یان هەموو نوێژەکانی ئەمڕۆژە تایبەتە بێت و، لەکاتی بانگی هەر نوێژێك لەو رۆژە واز لە بازرگانی بهێنن، ئاخر دیققەت بکەن (الصلاة)واتا(نوێژەکە).(صلوة الجمعة)ش ئەبەدەن ناوی نەهاتووە.
بۆچی رۆژی جومعە ؟؟؟؟!!!!!
خۆ هەموو مەخلوقات لە مرۆڤ و کەون و کائینات هەر صونعی زاتی خۆیەتی..
دوای ئەوە کلیلێکی تر وەردەگرین کە باسی بازرگانی و رابواردن- لهو- واتا کەیف و سەفا دەکات!!!!!
(وَإِذَا رَأَوْا تِجَارَةً أَوْ لَهْوًا انْفَضُّوا إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَائِمًا قُلْ مَا عِنْدَ اللَّهِ خَيْرٌ مِنَ اللَّهْوِ وَمِنَ التِّجَارَةِ وَاللَّهُ خَيْرُ الرَّازِقِينَ)الجمعە 11.واتا هەر کاتێ ئەگەر کاروانی بازرگانی و لەهوویان بینی ئەوا کەوتنە وێزەی و تۆیان جێهێلا(قائما).ئەی محمد –ص- پێیان بڵێ ئەوەی لای خودایە چاکترە لە لەهوو و تیجارەت و خوداش چاکترین

رۆژی بەخشە .
وإذا رأوا تجارة أو لهوا انفضوا اليها وتركوك قائما....
لەو بەشەی ئایەتی یازدەی جومعە دەردەکەوێ کە ئەو حالەتی جێهێشتنی پێغەمبەر ـص ـ هەر جارێك نەبووە ،بەڵکو لەو رۆژی جەمعەدا واتا گردبوونەوەیدا ـ نەك گردبوونەوە بۆ نوێژ ـ،،چونکە ئەگەر بۆ نوێژ بووایە لە سەرەتاوە خودا بە ئەگەر بانگ کرا بۆ نوێژ لە رۆژی جومعە باسی نەدەکرد .لەبەر ئەوەی شتی دیاریکراو بە هەیئەت و زەمەن ئەگەری تیا نیە.بەڵام چونکە نوێژەکە هەر نوێژە ئاساییەکانە و نابێ گەر لە کاتی هەر نوێژێکیان بوون و کاروانی بازرگانی گەیشت نوێژ جێبێڵن ـ کەواتا ئەو نوێژ و پێغەمبەر بە تەنیا جێهێشتنە بۆتە دیاردە تێیاندا. وەك لای هەمووتان روونە دیاردەش دەبێ کردارێك بێت کە لە سێ جار کەمتر دووبارە نەبووبێتەوە،بەڵکو سێ و بەسەرەوە
وەك ئاشکراشە (جمعة)لە(جمع)ەوە هاتووە،،،واتا رۆژێك بووە خەڵکی بۆ هۆکارێکی دیاریکراو کۆبوونەتەوە.
-ئەرێ ئەو رۆژە بۆچی بە تیجارەت و لەهووەوە بەستراوەتەوە؟؟؟
-بۆچی هەر بە بینینی ئەوان پێغەمبەرەکەیان بەجێدەهێلا؟؟؟
ـ ترکوك قائما ـ
لەبەرئەوەی لەسەرەتای باسکردنی بانگ راهێشتن بۆ نوێژ ، باسەکە دەچێتە ناو مزگەوت و نوێژ ، هەروەها لە قورئان بەبەردەوامی بۆ نوێژ و هاوئاماژەکانی-قائم - هاتووە جگە لەوەی بە پێی سیاق لە شوێنی تر بۆ مانای تر هاتووە ، بۆیە ئەوانە دەبێ لەکاتی نوێژەکە پێغەمبەریان جێهێشتبێت .دەشێ کەسێ بڵێت ـ رأوا ـ واتا بینینی کاروان و هەڵلا زەنای ـ لهو ـ ئەگەر ئەوان لە مزگەوتن یان لە ناو نوێژن ،بە چییان زانی کاروانی بازرگانی هات؟؟!!
سەرەتا دەبێ بزانین ـرؤية ـ لەگەڵ ئەو بینینە جیاوازە و پەیوەندی بە تەبصیر و ئیدراکەوە هەیە وەك وتەکەی موسا پێغەمبەر(أرني أنظر إليك) وە هەروەها وتەی ئیبراهیم پێغەمبەر(إني أرى في المنام أني أذبحك) وە هەروەها وتەی فیرعەون (ما اريكم إلا ما أرى)زۆرێکی تریش لەو ئایەتانە.بۆیە ئەوان لەگەڵ ئەو هەڵلا و زەنایەی کە لەکاتی گەیشتنی هەر کاروانێك دەکرا ،کە پێی ئاشنا ببوون ،یەك لە دوای یەك ئینسیحابیان دەکرد ،تا حاڵ گەیشتە ئەوەی پێغەمبەری مەزن خۆی بە تەنها دەبینییەوە.ئەوەش وایکرد بۆ ئەو کارە دزێوە خودا رێگری بکات و تەدەخول بکات.
لەئاکامی ئەو تێرامانە گەیشتینە ئەوەی:-
1- ئەوە رووداوێکە و لەو کاتی روویداوە.
2- بۆ ئێمە نیە و ئێمە ناگرێتەوە ، چونکە ئێمە نین کە ئەومان لەناو نوێژ بە تەنها جێهێشتبێ.
3- ئەو کاروانیی بازرگانیەش لە هەر زەمەنێك کە گەیشت ، ئەگەر کاتی نوێژ بوو دەبێ نوێژەکە بکەین،لە هەر رۆژێك بێت. چونکە نوێژەکە خێردارترە بۆ ئێمە. بەگشتی نابێ بۆ کەسابەت نوێژەکانمان فەرامۆش بکەین.
4- ئەو جومعەیەش کە ئێستا هەیە داهێنراوە ،ئەگینا خوتبەکانی پێغەمبەرمان لە لا دەبوو.
5- من دژی ئەو خوتبەیە نیم و ئەگەر کاروباری دونیاو دینی موسڵمانانی تێدا تاوتوێ بکرێت .ئەوکات دەبێتە داهێنراوێکی باش،
6- بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەکرێ جگە لە دوور خستنەوەی خەڵك لە راستەڕێ چیتر نیە ،بەڵکو زیاتر بە خورافی کردنی دینە بە عەنعەن و قال و قیل
7- ئەو جومعەیەش هەر حەفتە بازارێك بووە وەك ئەوەی ئێستاش لە هەموو دونیا هەیە.
8- داهێنانی ئەو خوطبەیەش بۆ مەبەستێکی سیاسی و بەرژەوەندی حوکمڕانەکان بووە.
لە کۆتایی :- ئەو تێڕامانەی من خەمخۆرییە بۆ ئەو پەیامە پیرۆزە و منیش مرۆڤم و وەك هەر مرۆڤێکیش (وما اوتيتم من العلم الا قليلا)دەمگرێتەوە. داوا لە خوداو ئێوەش دەکەم لە کەموکوڕی پۆستەکەم بمبوورن.

يَـٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓا۟ إِذَا نُودِىَ لِلصَّلَوٰةِ مِن يَوْمِ ٱلْجُمُعَةِ
فَٱسْعَوْا۟ إِلَىٰ ذِكْرِ ٱللَّهِ وَذَرُوا۟ ٱلْبَيْعَ ۚ ذَٰلِكُمْ خَيْرٌ لَّكُمْ إِن كُنتُمْ
تَعْلَمُونَ ٩ فَإِذَا قُضِيَتِ ٱلصَّلَوٰةُ فَٱنتَشِرُوا۟ فِى ٱلْأَرْضِ
وَٱبْتَغُوا۟ مِن فَضْلِ ٱللَّهِ وَٱذْكُرُوا۟ ٱللَّهَ كَثِيرًا لَّعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ
١٠ وَإِذَا رَأَوْا۟ تِجَٰرَةً أَوْ لَهْوًا ٱنفَضُّوٓا۟ إِلَيْهَا وَتَرَكُوكَ قَآئِمًا ۚ قُلْ
مَا عِندَ ٱللَّهِ خَيْرٌ مِّنَ ٱللَّهْوِ وَمِنَ ٱلتِّجَٰرَةِ ۚ وَٱللَّهُ خَيْرُ ٱلرَّٰزِقِينَ ١١